ئایین و خودا و مرۆڤی مۆدێرن.

وەرگێرانی لە فارسیەوە : عادل مەریوانی     سەرچاوەی : ئینترنێت سایتی باشگاە اندیشە

بەرایی :

مۆدێرنێتە   چەندین پێناسەی جۆراو جۆری بۆ کراوە ، بەشێك پێیان وایە کە مۆدێرنێتە   بریتی یە لە کۆمەڵێك  کلتورو گەشەکردنی هزری ئەوروپی  و لەم ڕووەوش ڕێنیسانس بە بەشێك لەم ڕەوتە دەزانن  ، یان بریتی یە لە ئەمرۆ بوون ( ئەمڕۆیی بوون ) یان بە نویێ خواز و نوێگەر ناوزەدی دەکەن   ، یان بە  قەڵەم ڕەوی فەلسەفی و ئەخلاقی بۆ ناسینی ئەمڕۆ پێناسەی دەکەن  . ئەو قەلەم ڕەوەی کە خۆی لە تەقلید و نەریتەکان ڕزگار دەکات دیاری دەکەن .

بە گشتی لە زمانی ئینگلیزیدا دەستە واژەی مۆدێرنێتە (  modernity ) بۆ دەربرینی خەسڵەتەکانی سەردەمێکی تایبەت بە کار هێنراوە ، مۆدێرنێتە سەردەمێکە کە لە خۆرئاوا لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشە سازیەوە دەستی پێکردو لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم کۆتایی پێ دێت . چەمکی مۆدێرنێتە  شێوەو پەیکەری جۆرێکی نوێی کۆمەڵگەیە کە لە سەر بنەمای عەقڵانیەت و ئاوێتە بە ئامانجی بیرخواز و سودگەرایی پێك هاتوە . بە باوەڕی ( جامسۆن ) ئەوەی کە پەیوەندی بە بە چەمکی مۆدێرنێتەوە هەیە، جۆرێك هاو خەمی کۆنە لەگەڵ بزوێنەری سیاسی و یوتۆپیایی چینی ناوەند کە هونەر مەند بە شێوەیەکی زیاتر لە چینەکانی کەم دەست  لە سەر دۆخەکە رادەوەستێ  . هەروەها ( مۆدێرنێتە دەستکەوتێکی هزری نوێیە لە جیهان  ، بوون و کات و گۆڕانێکی مێژووییە ، بە بۆچوونێکی تر مۆدێرنێتە  هزری  لە بەرچاو گرتوەو خولقێنەری دۆخێکی دەروونی گەشە سەندووە . بەم جۆرە مۆدێرنێتە دەرکەوتەو خەسڵەتی سەردەمێکی نوێیە کە دەوترێت مۆدێرنێتە هەمان ئەو نوێبونەوەیەیە . مۆدێرنێتە چەمکێکی فەلسەفییە کە لە خۆرئاوا بە دیار کەوت و ئامانجیشی بریتی بوو لە داهێنانی شێوەیەکی نوێ لە بیرکردنەوە . یان سەرلە نوێ ڕاڤە کردنەوەی کات و شوێن و مادە بە دیدەگایەکی نوێ . ئەگەر بڕوانینە مۆدێرنێتەی خۆرئاوایی  بریتی یە لە جیهانبینی یەکی نوێ لە سەر ئەو بنەمایەی کە کات ڕەهەندێکی شیاوی گەشە کردنەو زانستی نوێ لە سەر بنەمای ئەزموون و شیکاریی لەبەر ئەوەی کە عەقڵ ڕەخنە گری هەموو شتەکانە  .

## چەمکی مۆدێرنێتە لە ڕوی مێژوویی و زمانەوانیەوە:

مۆدێرنێتە ڕەهەندێکی مێژوویی یە یان سەردەمێکی مێژووییە . (ئارنولد توئین بی ) مێژوو نوسی ئینگلیسی سەدەی بیستەم  و ( ئاسوالد ئیشپتگلر ) فەیلە سوفی مێژوویی ئەڵمانی لەو باوەڕەدا بوون کە  دەستپێکی سەدەی مۆدێرن  ( ڕێنیساسە ) ڕێنیسانس بزوتنەوەیەکی کلتوری  _ئەدەبی  بوو کە لە کۆتاییەکانی سەدەی چواردەیەم و بە باوەڕی  ( ڕەنە گنون ) بیرمەندی هاوچەرخی فەرانسە  لە کۆتاییەکانی سەدەی شانزەهەم لە ئیتالیادەستی پێکرد . ڕێنیسانس وەك  بزوتنەوەیەکی فیکری و فەرهەنگی بە شێوەی سەردەمێکی مێژووی چەندین تایبەت مەندی لە خۆ گرتبوو  .

مۆدێرنێتە لە ڕوی زمانەوانیەوە بریتیە لە  دەستە واژەی ( مۆدیرن ) ( modern ) لە وشەی ( modernus ) لاتینی وەرگیراوە لە گەڵ لکاندنی (  modo ) لە زمانی لاتینیدا وشەی (  modo ) بە مانای  ( نویێ ، دواتر ، ئەم دوایانە ، یان داهاتویەکی  زۆر نزیك ) دێت ،لە بنچینەدا بە کار هێنانی وشەی ( modern _ modernus ) لەو مانایانەیدا دەگەرێتەوە بۆ سەدەکانی پێنجەم و شەشەمی زایینی یان سەردەمی ساڵی 1460 ی  زایینی زاراوەی مۆدێرن (  modern )  بە مانای ( ئەمرۆین ) یان ئەمرۆ لە زمانی فەرەنسیدا بە کار هێنراوە . دەستەواژەی مۆدێرنیست و مۆدێرنیزە لە سەدەی هەژدەیەم   لە ئەدەبیاتی سەدەی رۆشنگەری نوسەرانی ئینگلیزی و ئەڵمانی دا بە کارهێنراوە ، ( فردریك ویلهام هیگل ) فەیلە سوفی بەناوبانگی ئەڵمانی لە ( پەیڤەکانی مێژووی فەلسەفەدا ) و لە بەشی تایبەت بە تیۆریاکانی ( فرانسیس بیکن ) ناوی نا  فەلسەفەی مۆدێرن مێژوو نوسی بەناو بانگی سەدەی نۆزدە هەمی فەرەنسی ( ژول میشلە ) و لە پێش ئەویش  ( یاکوب بورکهارت ) مێژوو نوسی سویسری  ڕێنیسانسیان بە سەردەمی سەدەی نوێ ( سەدی مۆدێرن ) ناوزەد کردووە ، ( کریستۆف کلر سلاریوس ) نوسەری ئەڵمانی زمان مێژووی مرۆڤایەتی بە سێ قۆناغ ( کۆن ، چاخی ناوەڕاست و سەردەمی مۆدێرن ) دابەش کردووە   ، لە پێش ئەمانیشدا ( فرانچسکۆ پترارك ) شاعیری ئۆمانیستی ئیتالیایی لە سەدەی چواردەهەمی زاینیدا هەزارەی نێوان  تێکشکانی رۆمی کۆن تا سەردەمی خۆی  بە سەردەمی تاریکی

و شەوەزەنگ  ناو دەبات ،  ( ژول میشلە   )ی فەرنسی لە ساڵی 1855 ی زاینی بە بلاو کردنەوەی بەرگی حەوتەمی کتێبەکەی ( مێژووی فەرانسە ) کە تێزی پسپۆریەتیەکەی بوو سەبارەت بە ڕێنیسانس ، ڕێنیسانسی بە دژی سەدەکانی ناوەڕاستی دەزانی و وێنای تاریکی و شەوەزەنگی سەدەکانی ناوەڕاستی دەکرد . ( یاکوب بۆرکهارت ) لە کتێبی ( فەرهەنگی ڕێنیسانس لە ئیتالیا ) تاك گەری  ( ئیندیۆیدیۆ ئالیسم )  بە تایبەت مەندیەتی  و دەرکەوتی ڕێنیسانسی دەزانی.

(شارلربودلر ) شاعیری فەرەنسەیی  لە وتارێکیدا بە ناو نیشانی ( وێنە کێشی ژیانی مۆدێرن ) کە دەستەواژەی مۆدێرنیتە دەربارەی بەرهەمەکەی ( کنستانتین گایز ) وێنە کێشی هاولاتی ولاتەکەی خۆی نوسیی بووی ، دەستەواژەی مۆدێرن لە کۆڕو کۆبوونەوە ئەدەبیەکانی ئەو ڕۆژانەی فەرانسەدا ڕۆژ بۆ ڕۆژ برەوی بە خۆیەوە دەبینی ، ( مارشاڵ برمن  ) لە کتێبی ( ئەزموونی مۆدیرنێتە ) دا لەو باوەڕەدایە  کە ژان ژاك ڕۆسۆ یەکەمین  کەسە چەمکی مۆدێرنیستی بەو جۆرە بە کارهێناوە کە لە سەدەکانی نۆزەدەو بیستدا بەکار دەهێنرا، بەڵام ( برمن ) لەو باوەڕەدایە کە  ( مۆدێرن بون  بە مانای ژیان کردن لە ژیانێکی پڕ لە مەتەڵ و جیاوازی ، مۆدێرن بوون بە مانای دیل بون  لە ژێر چنگی ئەو ڕێکخراوە بۆرۆکراتیکە زەبەلاحانەی کە توانای کۆنترۆڵ کردنیان هەیەو لە توانیاندایە هەموو پێك هاتەی کۆمەڵایەتی و بە هاو ڕۆح خەوشدار بکەن .

بەڵام لە دیدەگای میلان کۆندرا وە  ( مۆدێرنێتە  لە و کاتەوە دەست پێ دەکات  کە  دۆنکیشۆت ماڵ و شارەکەی بۆ گەڕان بە جیهاندا نەزانانە بە جێهێشت و پاش ئەو هەموو گەشتو گوزارەی کە کردی تێگەیشت  کە ئەوەی لە شارەکەی خۆیدا بە دەستی دەهێنا زۆر جیاواز بوو لەوەی لە جیهاندا بەدەسی هێنا . هاوکات مۆدێرنێتە هەمان شێوەی نوسینێکە کە چۆن بتەوێت تەفسیری بۆ بکەیت  ، هەتا لە خۆرئاوا سێ نەریتی ئینگلیسی و فەرانسەیی  و ئەڵمانی بە دوو جۆر جیاوازن کە مەنتیقی دەروونی و چەمکی بەرایی شرۆڤە دەکەین  بە جۆرێك وەك دژواریەکانی مۆدێرنێتە . ئەگەر ئەوە قبوڵ بکەین کە مۆدێرنێتە  لە خۆرئاوا دەستی پێ کردو بۆ خۆر ئاوا گەرایەوە  ، ئەتوانین بڵێین  کە خۆرهەلات هێشتا بە شێوەی قەڵەم ڕەوێکی تر لە گەڵ ( غەیر مۆدێرنێتە ) بۆ مۆدێرن بوون لە باربووە . کاتێك کە هیگل باس لە ئاینەکانی خۆرهەلات دەکات هیچ یەکێکیانی لە ڕوانگەی هەقیقەتی ڕەهاوە لە شیکاریە کەیدا لە بەر چاو نەگرتوە ، لە دیدەگای ئەوەوە مەسیحیەت تەنیا ئاینێکە کە شیاوی ڕەها بوونی وەك ئاین هەیە . لە سۆنگەی فەیلە سوفێکی وەك هیگلەوە کە خۆی فەیلە سوفی مۆدێرنێتەیە ، خۆر هەلات بەشێك نیە لە مۆدێرنێتە هەتا ئەگەر لە پێك هاتەو گۆڕانکاریشدا مەنتیقی  ، دیاردەناسی و مێژووی جەوهەری جیهانی ڕۆڵێکی بەرجەستە کردبێت . لەم وێنا کردنەدا دەتوانرێت لە هەمبەر ئەزموونی مۆدێرنێتەی خۆرهەڵاتی قسە بکرێت . ؟ ئەشێ کە سەرکەوتنی ئەزموونی مۆدێرنێتەی خۆرهەڵاتی لە هەندێك وڵاتی وەك یابان و چین و مالیزیا و سنگا پورو .. هتد ... تەنیا لە بوعدی کەرەستەی ئەکنۆلۆژیدا بێت .

لە کتێبی  لویس دوپرێ ( luis dupre ) بە ناونیشانی ( بەرەو نوێگەری ) (  modernity passage ) هاتوە کە  ( مۆدێرنێتە ڕوداوێکە کە پەیوەندی نێوان بون  ، و سەرچاوەی خوداو مرۆڤی کورت و بەرئاوەژۆ کردوەتەوە . بەو جۆرەی کە لە کتێبەکەی ( لویدوپرە  ) دا هاتوە  سەرچاوەی ئەم دیاردەیە ئەتوانرێت لە قوتابخانەی فەلسەفی  نومینالیزم و ئاڵوێرە فکریەکانی پاش ساڵانی 1400 بۆ 1600 ناوزەد بکرێت.

چەمکی مۆدێرنێتە  لە سەدەی حەڤدەهەم  هاتە ناو کایەو ململانێ ڕۆشنبیریەکانی خۆئاواوە ، شێوەی بازارو  بە دیار خستنی مانای ئەو شتەی کە بەرانبەر بە ( برەو ) ( بە بەها  ) یان ئەو شتانەی کە شیاوی هاو چەرخ بون و گەشە کردن بوون  . بەڵام بەستەرو زەمینەی دەرکەوتی جێگاو ڕێگای بە قۆناغ فراوانتر بوو .

مۆدێرنێتە  لە کورتترین و باشترین پێناسەیەدا ئەتوانین بڵێین  بریتی یە لە سەردەمانێك کە  مرۆڤ تایبەت مەندیەتی و گەشەی بەرچاو و گۆڕان کاری گەورەی بە خۆیەوە بینی.

چەمکی مۆدێرنێتەو مۆدێرنیزم  لە سۆنگەی مانا ناسی و شێواز ناسی و هاوکات بنەماناسی  کە زۆر مانای تر لە خۆ دەگرێت لە جیاوازی نێوان کۆن و نوێدا سەرەتا لە سەردەمی ڕێنیسانسدا بە دیار کەوت .

چەمکی مۆدێرنێتە  بە مانی هۆشیاری و گۆڕانکاری لە جیهانی کۆن بۆ جیهانێکی نوێ یان تێپەرین لە جیهانێکی کۆنەوە بۆ شێوازێکی نوێ لە بیر کردنەوە.

هەندێك پێیان وایە چەمكی مۆدێرنێتە لە سەرەتادا لە تیۆریاكانی ژان ژاك رۆسۆدا دەركەوتو پاشان لە بەرهەمی زۆرینەی نوسەرەكان و بیرمەندانی هاو چەرخ و رۆشنبیرانی سەردەمی رۆمانتیكدا رەنگی دایەوە . ئەتوانین بڵێین یەكەمین جار هیگل بوو كە شرۆڤەی كۆمەڵگەی دواكەوتوی كردوو بارودۆخی مرۆڤی مۆدێرنی وێنا كرد . بە واتای هۆشیاری تاك لە مێژوودا و دیاری كردنی هۆشیاری شوناس و جێگامرۆڤ لە مێژوودا ، بەشێكی بیر مەندان پێیان وایە كە سیستەمی سیاسی دەلالەتەكانی چەمكی مۆدێرنێتە دیاری دەكات كە ئایا دەتوانێت مرۆڤ گەش بین بكات یان رەش بین . مۆرڤی مۆدێرن لە دۆخی پەیوەندی ئاگایەنەی خۆی لە گەڵ مێژوو گەشە دەكات.

ئەگەر كاتێك ئاسمان و ئەوەی كە تیایدا گوزەری دەكرد بە مەتەڵێكی گەورەی ژیانی مرۆڤ و خواست و ویستە و بزوێنەری خەیاڵەكانی و ریشكی لە قوڵایی ئەفسانەكاندا بوو ئەمرۆكە لە سەر زەوی و ئەوەی كە تیایدا گوزەردەكات تێپەڕی بە واتای ئەزموونی مۆدێرنێتە جۆرێك رۆڵی بەرجەستە كرد و گۆڕا بەو مەتەڵە گەورەو ئاڵۆزەی كە هەتا رێكەوتنی گشتی لە سەر بۆچوون و ئیرادە مانایەكی هاوبەشی هەبێت . لە دیدگای هابرماسەوە چەمكی مۆدێرنێتە ئەگەر ئێستا لە ڕابووردووی نزیك ئەوەی كە لە ڕاستیدا شوناس و دیاری كەری ناسنامەی ئێستایە جودا بكەینەوە ، گەشەیەكی بەرچاو بەدیار دەكەوێت لە ڕوتی مێژوودا ، دوالیزمەیەكی جیاوازەو ناوەڕۆكێكی دیالیكتكیانەی هەیە . ئاكامی ئەم دوالیزمە بوونە ناكۆكی ناوەكی دیالەكتیك و دەركەوتەی بونە

## مۆدێرنێتە وەك چەمك و ناوەڕۆك:

پێناسەیەكی شیاو تا ئەندازەیەك كە لە گەڵ خواستی كۆمەڵگەدا هەماهەنگ بێت ئەتوانین بڵێین : مۆدێرنێتە بریتی یە لە ڕوداوێكی باڵا لە سەر گەشە كردنی فیكری نوێی خۆرئاوا ، لە زەمینەی فیكری و فەرهەنگی و زانستی و ئابووری و سیاسی و كۆمەڵایەتی .... كە جیاواز بوو لە فێركراوە ئایینەكان و تەوەری سەركی مۆدێرنێتە مرۆڤ و ئازادی هەمە لایەنە و باوەربوون بە عەقڵی مرۆڤ و گرنگی دان بە تاك و شیكار كردن لە زمینەی جۆراو جۆرەكان جگە لە سروشت و ئەودیوی سروشت و بەهاو نۆرمەكان .... سەری هەڵداوە بە نوێ كردنەوەی فیكرو گۆڕانی هەمەلایەنی ژیانی مرۆڤ و ئەوەی كە لە بەرانبەریدا بەرجەستە دەبێت . وەك ئایین و ڕێساو نەریت و سونەت نەفی دەكات .

مۆدێرنێتە پێداگری دەكات لەسەر : مرۆڤ تەوەری ، عەقڵ گەری ، ( عەقڵی داهێنان و ئەفراندن ) تاك گەری ، سەرمایەداری ، دیموكراسی لیبراڵ ، جەخت كردنەوە لە مافی تاك ، جەخت كردن لە خواستەكانی ، هەلو مەرجی نوێ و بە هێز بۆ ناسینی سروشت ، داهێنانی نوێ لە بواری تەكنۆلۆجی ، زەمینە نوێكانی بەرهەم هێنانی پیشەسازی ، پێشكەوتنی بێ وێنە لە بواری ڕەفاهیەت و خەرجی و بەكار بردندا ، جوداكردنەوەی تەواوی زانستەكان لە یەكتری ، ئەخلاق و هونەر لە یكەتر و تەواوی زەمینەكانی تر .

## مۆدێر نیزم :

بە شرۆڤە كردنی مانای مۆدێرنێتە ئەتوانین مۆدێرنیزم پێناسە بكەین ، بە سەرنجدان بە چەمكی مۆدێرنیزم لە دەستەواژەی ( مۆدێرن ) و پاشبەندی ئیزم ) ئەتوانین ئاماژە بەوە بدەین كە مۆدێرنیزم ماهیەتی تێڕوانینی ڕەخنە گرانەی مۆدێرنێتەو جیهان بینی و ئایدۆلۆژی و فەرهەنگی و پێشكەوتنی نوێی خۆر ئاوایە كە پێك هاتوە لەم چەمكانە.

عەقڵ گەرایی : فەرهەنگی نوێگەری عەقڵی خۆت بونیاد بنێ و عەقڵی خۆت ئازاد بكەو هەرچی لە پشتی عەقڵەوەیە جێی باوەڕ نیە . كاری عەقڵ بەرژەوەندی هزری و شرۆڤەكاریە ، واتا بەگشتی جەخت دەكاتەوە لە دەستكەوتە ئەزموونیەكان لە چێوەی سەلمێنراوی مەنتیقی دا لە باری بەرژەوەندی خۆیدا ، عەقڵ تەنیا لە هەمبەر سودو زیانی مردۆڤ لە م دنیایەدا بیردەكاتەوە و پەیوەندی بە هیچ شتێكی ئەو دیو سروشتەوە نیە . شێوەیەكی تری عەقڵگەرایی مۆدێرن پابەند نیە بە هیچ شتێكەوە و سەر بە هیچ مەرجەعێك نیە و نابێت.

عەقڵ گەرایی مۆدێرنیزم ڕیشکی لە هەناوی عەقڵ گەرایی سەردەمانی ڕۆشنگەریدایەو بە جۆرێك خولقینراوی گۆڕانکاریەکانی سەردەمانی ڕۆشنگەریە . لە سەردەمانی ڕۆشنگەری دا ڕێگوزەرێکی توند لە نێوان ئاین و عەقڵدابووە ، ڕێگوزەری یەکەم ئاینی سروشتی ( دئیزم ، کە لە بەرانبەر ئاینی ئاسمانیدا یە ) هاوتەریب لەگەڵ ئاینی ئیلاهی دا بووە ، باوەڕ وابوو بەوەی کە لەڕێگەی سروش و یاساکانی سروشتی یەوە ئەتوانرێت باوەڕ بە خودا بهێنرێت . ڕێگوزەری دووەم تەنیا ئاینی سروشتی قبوڵ دەکات و سروش شرۆڤە دەکات و ڕێگوزەری سێیەم هەم ئاینی سروشتی و هەم ئاینی ئیلاهی بە خەیاڵی دەزانێت و لەو باوەڕەدایە کە بە هاوکاری عەقڵ دەتوانرێت مەسەلە جیاوازەکانی ناوەندە کانی زانست و بوارە مرۆییەکانی تر ئاشکرا بکات . لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا دەست باڵایی بێ ئەملاو ئەولای عەقڵ و وەلانانی ئاین و گرنگی دان بە ژیانی دنیایی بایەخی پەیدا کرد . ئەم گۆڕانکاریە لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە عەقڵی مرۆڤ بوە جێگای بایەخ تا ئەو ئەندازەیەی کە لە سەردەمی مۆدێرنێتەدا تەنیا مانای عەقڵ ، عەقڵی بەشەکی چاودێرە و هاوکات مانای عەقڵی گشتی کە لە سەردەمی ئەفلاتون و سەدەکانی ناوەڕاست و کاری لە سەر کرابوو ئیدارە نەدرا .

ئەتوانین بڵێن عەقڵ گەرایی بە ڕەگەز تەوەری لە نێوان ڕەگەزەکانی مۆدێرنیزمدا ئاماژەی پێ دەدرێت ، کە بە شێوەیەکی تەدریجی ولە چەندین سۆنگەی جیاوازەوە بەهاو سروش و مەعریفەی گشتی نەفی دەکات.

نارپالیستی ئەبستمۆلۆژی : پێس سەدەی نوێ مرۆڤەکان لە سەر تێگەشتنی ریالیستی و سەلماندنی خۆیان جەختیان دەکردەوە و بە هرە مەند بون لە جۆرێك لە بیرکردنەوە لە ئاستێکی مەعریفیدا ، بەڵام بە هاتنی سەردەمی نوێگەری مرۆڤ گەشتە ئەو دەرئەنجامەی کە زانستی ئەو ریالیستی نەبووەو لە سەر ئەو بنەمایەش گومان و دوگمایی و چەق بەستویی ڕەهەندێك بوون بە بە ها ناو زەد دەکران . ئاکامی ئەم هزرەش ئینکاری کردنی ریالیستی یانەی عەینی سەربەخۆیی بوونی تێگەشتنی زیاتری مرۆڤ بوو لە قوتابخانە کانی مۆدێرن .

ئەزموو نگەرایی : تایبەت مەندیەکی تری قوتابخانەی مۆدێرنیزم لە زەمینەی ئەبستمۆلۆژیدا ئەزمونگەرای یە ، ئەم جیهان بینی یەش لە سەر ناسینی شتەکان خۆی بەرجەستە دەکات ، کە لە ڕێگەی سەرنجدان و ئەزموونەوە سەلمێنراوە ئەم ڕەوشە بە دەرکەوتنی زانستی مۆدێرن و سەرسوڕمان هاو تەریب بوو ، لە سەر بنەمای هەمان پێوانەی ئەفراندنی زانستی کە لەڕێگەی هەستەوە بەدەست نایەت و گرنگی یان لە دەستداوە ، لە بەر ئەوەی گوزارە ئاینی و ئەخلاقی و فەلسەفی یەکان ئەزمونێکی قبوڵ نەکراوو بە بێ بەها ناوزەد دەکران .

ماددی گەرایی : مۆدێرنیزم ماددی گەرایە و هەموو دەرکەوتەکانی جیهان بە دیدێکی ماددیانەوە تەفسیر دەکات تەفسیرەکانی ماددی لە هەمبەر سروش و ئاین ڕونترین بەڵگەبوون .

مرۆڤ تەوەری : لەم قوتابخانەیەدا مرۆڤ لە جیاتی خودا جێگیر دەکرێت ئامانجی هەرجۆرە چالاکی و خزمەتکردنێکە بە مرۆڤ . مرۆڤ لە هیچ کەس و هیچ شتێك فەرمان وەرناگرێت بەڵکو خودی هزر فەرماندەرە . تاك لە ناو کۆمەڵگەدا گەشەدەکات و هەموو تاکەکانی مرۆڤ لە گەڵ یەك یەکسانن و هیچ کەس دەسەڵات و ئیرادەی بە سەر ئەویتردا نیە . پێوانەی هەر شتێك بە واقیع ناکرێت بەڵکو بە ئاسودەیی و چێژی مرۆڤە . لە بەر ئەوەی هەرچەند هەندێ کات لە مرۆڤ تەوەریدا هاوکات سەبارەت بە ئاین قسە دەکرێت بەڵام بەوجۆرەی کە خواستێکی حەقیقی بۆ خۆشبەختی کۆتایی مرۆڤ پێویستە بەڵکو لە و سۆنگەیەوە کە وای دابنێین کە ئاین و خودا فاکتەری تەندروستی ژیانی ماددی مرۆڤە لەم دنیایەدا .

سۆزگەریەتی ئەخلاق : لەم قوتابخانەیەدا چونکە مرۆڤ هەم سەرەتاو هەم کۆتاییە ئەبێت و نابێتە ئەخلاقی و باشەکان دزێوی ڕەفتارەکانی لە لایەکی تروە پەراوێز نەخراوە چوونکە لە خودی ئەوەوە سەرچاوە دەگرن . پێوانەی ئەبێت و نابێتە ئەخلاقیەکان بۆ مرۆڤ هەست و سۆزی ئەوە . هەرکە ئەوەی بوە هۆی سازگاری هەستو دەروونی باشە و ئەوەیشی کە دەبێتە هۆی خەوشدار کردنی هەستو دەروونی ئەخلاقیەن خراپ و دزێوە.

دژە نەریت و پێشکەوتنگەری : لەم جیهان بینیەدا هەرچەند دیدێکی نوێ و فراوان و پێچەوانەی نەریتە و لە پێشترە لە شتە کۆنەکان ، گۆڕاوە بە بەها، جگە لەوەش نەریتەکانی هاوشێوەی ئایین ڕیشەکێش دەکات و ڕەشێکی نوێ و پێشکەوتوی ماددی دەخولقێنێت . سەرهەڵدانی ئەم دیدگایە ئەوەیە کە دنیای مۆدێرن هاوکات چاوەڕوانی گۆڕان و گۆڕان کاری بێت .

## زەمینەو بەستەری سەرهەڵدانی مۆدێرنێتە :

رێنیسانس : لە ماوی نێوان سەدەکانی 14 و 15 ی زاینی گۆڕانکاریەك لە ئیتالیا لە ناوەندی فێرکردنی هونەری و بە شە جیاجیاکانی تری بیناسازی و وێنە کێشان و نەخشە کێشان بە دیار کەوت ، کە لە سەدەی 16 بە رەو ناوەندەکانی تری زانستی و هەمان شێوە وڵاتانی خۆرئاواپی پەلی کێشا لە نێو سەدەکانی ناوەڕاستدا لە سەردەمی مۆدێرنەدا لە بەر یەك هەڵوەشان ئۆمانییزم لە هەمان سەردەمدا بنەماکانی فیکری خۆی قایمترکرد .

فۆرماسیۆن یان چاکسازی ئاینی : دووەمین ڕوداوی گرنگ و کاریگەر لە سەر خۆر ئاوای زەوی بزوتنەوەی چاکسازی ئایینی یان فۆرماسیۆن بوو کە لە سەدەی شانزەهەم بە مەبەستی کردەی چاکسازی لە تیۆریاو ، باوەڕو کارکردە ئایینیەکانی کڵێسای کاتۆلیکی ڕۆم دەستی پێکرد و گۆڕا بۆ دامەزراندنی کلێسای پرۆتستان . دژەکانی کڵێسای کاتۆلیك ئەوانیان بە بەڵگەی سەروەت کۆکردنەوە و زنجیرەی بونیاد نانی هێز تۆمەت بار کرد. لە ساڵی 1517 مارتن لۆسەر لە نامە بە ناوبانگەکەی خۆیدا بە ناونیشانی ( نەوەدو پێنج خاڵی رەخنەیی لە کردەکانی کڵێسای کاتۆلیك لە سەر بنەمای پادادشت و بەخشین ) بڵاو کردەوەو هێواش هێواش کاتۆلیك پارچە پارچە بوو پروتستان سەری هەڵدا . ئەم بزوتنەوە ئایینیە کاریگەریەکی قوڵی کردە سەر ناوەندە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگەکانی خۆر ئاوا.

سەدەی ڕۆشنگەری ( عەقڵگەرایی ) : لە سەدەی 17 و 18 بزوتنەوەیەك لە لایەن دیکارت و لاك و نیوتن و کەسانی ترەوە سەری هەڵدا کە باوەڕ بە عەقڵ وەك بەرایی بنچینەیی زانست ، ناسین و پێشکەوتنی مرۆیی چەمکی لیبوردن و پێکەوە ژیان لێبوردەیی ئایینی و تێکۆشان لە بەرانبەر خورافە پەرستی و بە تەوەری سەرەکی ئەو بزوتنەوەیە ئەژمار دەکرا . تیۆریاکانی ڕۆشنگەری ئەتوانرێت بە درێژە پێدەری مەنتیقی دەستکەوتەکانی رێنیسانس و چاکسازی ئاینی ناو زەد بکەین . ڕۆشنگەری شێوەیەکی ژیانی خۆرئاواییەکانی خستە بەر تەوژمی خۆیەوە لە سەر بنچینەی ئەو باوەڕەی کە عەقڵی کامڵ لە توانایدایە تیۆریا زانستیەکان ئاشکرا بکات و بیان ناسێت و سود بە مرۆڤەکان بگەیەنێت وە مەبەستی بوو بە فەراهەم کردنی زەمینەی ئازادی بەختەوەری و خۆشبەختی مرۆڤ شرۆڤە بکات . تیۆریاکانی لاك و بارکلی لە هەمبەر ماهیەتی عەقڵ و هەمانشێوەش بۆچونەکانی هیوم لە سەر بنەمای ئیدراکی هەستی و زەمینەکانی ئەبستمۆلۆژی مۆدێرنێتە فەراهەم کرد .لە تەنیشت بنەما کانی ئەبستمۆلۆژی کتێبەکانی ( دونامە لە هەمبەر حکومەتی مەدەنی ) جان لاك و ( پەیمانی کۆمەڵایەتی ) ڕۆسۆ و سیستەمی کۆمەڵایەتی سیاسی ئاشکرا کرد کە زەمینە سازی هزری سسیاسی مۆدێرنێتە بون . ئەو سەردەمە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی کانت کە تیۆریاکانی ئەبستمۆلۆژیانەی ئەو و تیۆریای تەفسیری نوێی سەبارەت بە فەلسەفە و ڕێگوزەری فەلسەفەو شێوەی نوسینی بەرهەمە فەلسەفیەکان و ڕۆشنگەری گەیاندە لوتکەی ئامانجەکان .

شۆڕشی پیشەسازی : شۆڕشی پیشە سازی لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەم تا نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم بەردەوام دەبێت و پەیوندیدارە بە گۆڕان و گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی یەوە کە لە ماوەی نێوان ساڵانی 1750 لە ئەوروپا سەری هەڵدا . بوە جێگرەوەی ماشینی ( بزوێنەری ) میکانیکی و هێزی هەڵمی و لە جیاتی کەرەستە دەستیەکانی ناوەندیەتی پیشەسازی و دامەزراندن و درێژبوونەوەی هێزی کار لە بەشی کشتوکاڵی بۆ پیشەسازی گرنگترین لقی ئەو سەردەمە بوو . شۆڕشی پیشە سازی جێگرەوەی کۆمەڵگەی چەق بەستوی کشتوکاڵی و بازرگانی بو بۆ کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی مۆدێرن . تێپەڕین بۆ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی ئەم شۆڕشە بوە هۆی گۆڕان کاری لە دۆخی ژیانی مرۆڤ . لە لایەکی تریشەوە بوە هۆی ململانێی کرێکارو خاوەن کار ، جیاوازی نێوان چینەکانی کۆمەڵگە.

## دەستکەوتەکانی مۆدێرنێتە :

بەوجۆرە ئاماژەمان پێدا ، مۆدێرنێتە لە سەردەمی سەرهەڵدانیەوە لە ئاستە جیاجیاکانی مێژوودا و لە ناوەندە جێجیاکانی ژیاندا کاریگەری دانا ، بەڵام دەستکەوتی زیاتری دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەیەم و گەشەکردنی زیاتری بە خۆوە بینی و پەیوەندی فراوانتری لەگەڵ ژیانی تاك و کۆمەڵایەتی و سیاسی پەیدا کرد.

## لە بواری تەکنۆلۆژی نوێ دا

بزوێنەری کارەبایی و بزوێنەری گازو ژەنراتۆری بەرهەم هێنی کارەبا و ئەو جۆرە تۆبابینانەی کە بە هەڵم کاردەکەن . سود وەرگرتن لە هێزی کارەباو نەوت وەك سەرچاوەی نوێی هێز

بەرهەم هێنانی تۆتۆمبێل و فرۆکەو تراکتۆر و تۆتۆمبیلی بار هەڵگر و داهێنانی تەلەفۆن و دەزگای تایپ و شریتی تۆمار کردن و سیستەمی نوێی ئیداری و پەیوەندی ، پێك هێنانی نوسینگەی مۆدێرنی بەڕێوەبردن ، بەرهەم هێنانی جۆرەکانی کیمیایی و مەوادی جۆراو جۆر و ڕەنگ و کەرەسەی پلاستیکی و ئەلەمنیۆم و شوشە و کرۆمیۆم و پلانی ئەندازیاری و هتد....

لە بواری ڕاگەیاندن و ئامرازەکانی پەیوەندی کردنی گشتی:

ڕیکلام و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەو چاپە مەنیەکان و داهێنانی گراما فۆن و جیهازی سینەماو تۆگراف و تەلەگراف و بێتەل ، پەخشکردنی یەکەمین شەپۆلی ڕادیۆیی و یەکەمین فیلمی جولاوی سینەمایی و لە ئێستادا مانگە دەستکردەکان و چەندین تۆڕی تەکنۆ لۆژی تری وەك ئەنتەر نێت.

لە بواری زانست و زانیاریدا:

سەرهەڵدانی زانستی ژەنتیکی لە ساڵی 1900 و سەرهەڵدانی زانستی دەروونشیکاری لە لایەن سیگمۆند فرۆید و دۆزینەوەی ئۆرانیۆم و تیشکی ئاکتیویتەی رادیۆم و شۆرشەمەزنەکی فیزیك و تیۆریای ڕێژەیی ئالبیرت ئەنیشتاین.

لە بواری کۆمەڵگە دا:

ناوەندی کۆمەڵگە زیاتر لە ناوەندەکانی تر کەوتە ژێر کاریگەریەکانی مۆدێرنێتەوە ، بۆنموونە دابەش بوونی کۆمەڵایەتی و خولقانی گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕی سیستەمی دابەش بوونی کۆمەڵایەتی ئەم گۆاڕن و ئاڵوگۆڕە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیم دەستی پێکرد و لە سەدەی نۆزەهەم زیاتر بوژانەوەی بە خۆیەوە بینی لە سەدەی بیستەم بە تایبەتی پاش ساڵانی جەنگی جیهانی دووەم گەشتە بن بەست . پەلی هاویشت و مەودای فراوانتر بوو بە تایبەت لە بواری دابەش بوونی کۆمەڵایەتیدا بە تایبەت ناوەندی چینەکان و ناوەندی ڕەگەزەکان .

لە بواری سیاسیدا:

زەمینەی سیاسی بە مانای گشتی چەمکەکە گشتگیری لە گۆڕانی سیستەمەکانی کە سیاسەت و حکومەت و دەوڵەت لە سەری بنیاد نراون وەکو سەرهەڵدانی سیستەمی سیاسی نوێ لە ناو چوونی ڕژێمە کۆنەکان سەرهەڵدانی سیستەمی کۆماری و سەرهەڵدانی دیموکراسی گۆڕانکاری لە زەمینەی سیستەمی هێزدا ململانێ و هاو سەنگی ، گۆڕان لە فەرهەنگی سیاسی و دەرکەوتنی بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵآیەتیەکان گۆڕانی شێوەی کار مەودای چاودێری سیاسی و ململانێ کۆمەڵایەتیەکان بزوتنەوە شۆڕشگێڕی و ڕادیکالیزمی سیاسی و کۆمەڵایەتی .

بواری ئابووری :

گۆڕانی زۆرینەی ژێربینای ئابووری ، ئاڵو گۆڕی پەیوەندی ئابووری لە نێوان هاوڵاتیان سەرهەڵدانی چەندین جۆر سیستەمی ئابووری نوێ و دەرکەوتنی دەوڵەتی خۆشگوزەران ( بە بۆچونی دنیس ریلی ) دەرکەوتنی سەردەمی کۆمپانیاو داهێنانە پیشە سازیەکان ، وەك کۆمپانیای فرەمیللی ، فۆردیزم و سەردەمی پیشەسازی نوێ ( بۆچونی جان ئالن ) سەرهەڵدانی شێوەیەکی نوێ لە دابەشکردنی کار و گۆڕانی لە ڕەوەندە جیاجیاکاندا و سەرهەڵدانی پلانی نوێ .

لە بواری کلتوریدا :

گۆڕان و گەشە کردن لە بواری کلتوری گۆڕانی بارو دۆخ و باری کەسیەتی ژنان ، سەرهەڵدانی چەندین جۆر یەکێتی و ڕێکخراوی ژنان ، گۆڕانی ناوەندی کلتوری و نمایش کردن ( پێشکەوتنی پەیکەر سازی و وێنە کێشان و ئەندازیاری و دیکۆرایسۆن و سینەماو تئاترۆکان ) پێشکەوتنی بواری تەندروستی و ئاسایشی تاك و کۆمەڵایەتی و ئاسایشی دەرونی و فیزیکی و گۆڕانی جستە و هەیکەل و ڕەگەزی مرۆڤ ، گەشە کردنی پەروەردەو فێر کردن ، و ڕەوشی پەروەردە کرنی مۆدێرن و گۆڕان کاری لە ئایین و بە هاو نۆرم

و نەریتە باوەکان  و ئایدۆلۆژی ، گۆڕانی هۆکارەکانی گەیاندن و کەرەستەکانی پەیوەندی کردن  و دروستکردنی کەرەستەی پەیوەندی کردنی بە کۆ و سەرهەڵدانی تەکنۆترونیك بۆ گەیاندنی پەیامەکان لە زوترین کاتدا سەهەڵدانی سەردەمی بە جیهانی بون و بچوك بونەوەی جیهان و گۆڕان و فراوان بونی گوندەکان و شارەکان.

تایبەت مەندیەکانی مۆدێرنێتە:

تایبەت مەدیەکانی مۆدێرنێتە  ، دەستکەوتەکانی لە زەمینەی تیۆری و مرۆڤناسی و ماهیەت و پەیام و پێشهاتەکانی لە گەڵ جیهانی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست  جیاوازی هەیە ، بەڵکو بۆخۆی جیهانێکی ترە ، بە دەرکەوتن و سەرهەڵدانی نەتەنیا لە خۆرئاوا بەڵکو لە سەرتاسەری جیهان تیشکی هاویشت  ، لە ڕوی تیۆریەوە بەو تایبەتمەندیانە زیاتر ئاشنا دەبین.

مرۆڤ تەوەری یان ئۆمانیزم

جەخت کردنەوەو دەرهاویشتەی عەقڵانیەتی مۆدێرن

باوەڕ بوون بە بنچینەی پێشکەوتنی مێژوویی

ڕەسەنایەتی زانستی نوێ

جیاکردنەوەی ئەخلاق و ڕەفتار لە تانو پۆی جیهان

تەکنۆلۆژی نوێ و سیستەمی تەکنۆکراتی

سوکلاریزم وسوکلاریزەکردنی دۆخەکە

بۆرۆکراسی ئالۆزی مۆدیرن

نەهلیسزم وەك خەسلەتی کەسێتی

باوەڕبوون بە یاسا لە لایەن عەقڵی مرۆیی و مافی فەرمان ڕەوایی مرۆیی

سەرمایەداری

ئاین و مۆدێرنێتە

قەشەکانی کلێسا و هەڵگرانی باوەڕی ئایینی مەسیحی هەر ئەفراندنێکی نوێی مرۆییان سەبارەت بە تەفسیر کردنی سروشت و مرۆڤ بە تێکستەکانی کڵێسا نا سازگار دەزانی و نوخەبەکانی زانستی و فیکری یان بە توندی ڕەخنە لێدەگرت .کەسانێکی وەك گالیلە ، کیپرنیك ، پاستۆر ... لە لایەن قەشەکانی کلێساوە بە مورتەد وکافرو بێدین و هاوکات دژی ئایین ناسێنران ، هەر چەند ئەم تۆمەت بارکردنەش بوەهۆی بە قوربانی کردنی گیانیان ، بەڵام بۆ کۆمەڵگەی کڵێسایی ئەوروپا ڕێگوزەرێکی باش بووکە بەروە مودێرنیزم هەنگاوی نا . هەرچەند ئەو بزوتنەوە نوێیە لە دژی قەشەو پیاوانی ئایینی بوو بەڵام ئەم بزوتنەوە نوێیە  دۆخی گشتی خۆی گەشە پێداو لە ئاکامدا بوە ململانێی لە گەڵ ئاین و خودا. ڕەوندی تەکامولی مۆدێرنێتە بوە جێگرەوەی ئەو ململانێیە ، ئەو چەمکو پەیام و دەرکەوتانەی کە ئەمرۆکە مۆدێرنێتە هەماهەنگە لە گەڵیدا پێویستی زاتی خۆی نەبوو. بەڵکو لە ڕەوتی گەشەکردنی چەوساندنەوەو ئینحرافاتی خولقینراوەوە وەری گرتوە ،

قۆناخی هاوتەریی مۆدێرنیتەو مەسیحیەت:

له دەستپێکی بزوتنەوەی نوێی زانستی و فەرهەنگی مۆدێرنێتە ، نە تەنیا لەگەڵ ئاین و خوادادا دژ نەبوو ، بەڵکو بۆ ئاگۆستین له لایەك نەفی کفر و شەریك بۆ دروستکردن و ئیلحاد و بێدینی بوو ، ( modernuu )له سەدەی پێنجەمی زانیدا دەستەواژەی لاتینی بە جۆرێکی تر مانادەکرا تا سەردەمانی سەرهەڵدانی سەدەی نوێی مەسیحیەت .لە کاتێکدا یەکەمین بینای مۆدێرن کڵێسای سەن دنیس بوو کە لە لایەن بەشوژر فرانسوی دروستکرا (

قۆرغ گەرایی پیاوانی کلێسا بوە هۆی ئەوەی کە بو هەڵچونی مۆدێرنێتە درەنگ نەبوو ، بەڵکو بونیاد نەرانی مۆدێرنیزم پەرچە کرداری بەرانبەر دەسەڵاتی رەهای پیاوانی ئاینی کڵێسا یان کردە ئامانج ، سەرکێشی و یاخیبونیان لە بەرانبەر یاساو گوێڕایەڵیەکانی کڵێسادا لەگەڵ ڕەوتی مۆدێرنێتەدا گونجاند . گەرچی لەو نێوەندەدا هەندێك ڕێگای جەخت کردنەوەی نەبوونی خودایان گرتەبەر بەڵام زۆرینەی تیۆریای ئەم فەلسەفەیە باوەڕی تەواوی بە بونی خوادوەند هەبوو پێی وابوو کە مرۆڤ بونەوەرێکی خوداییە ، بەڵام ئەو خودایە نە کە لە کتێبی پیرۆز یان لە چیوەی عیسای مەسیح ، یان موعجیزە یان لە ڕێگەی کلێسا پێشنیاز و دروستکرابێت .

لە سەدەی شانزە هەمی زاینی هاوکات لەگەڵ دەستپێکی سەردەمی ریفۆماسێون و چاکسازی ئاینی ، زەمینەی کەوتنی پایەی پتەوی کلێسا لە زەمینە جۆراو جۆرەکانی سیاسی ، کۆمەڵایەتی ، ئابووری – فەرهەنگی و ئەدەبی کۆمەڵگەکانی خۆرئاوایی فەراهەم کرد چاك سازی مەزهەبی یەکەمین جار لە ئاڵمان دەستی پێکردوو پاشان هەموو کیشوەرەکانی ئەوروپای گرتەوە.

پێك هاتەی مۆدێرنێتە:

قۆناغی سەرتایی کە ئەتوانین ئەم قۆناغە بە پێك هاتەی مۆدێرنێتە ناو زەد بکەین ، قۆناغی بنچینەیی تیۆریاکانی مۆدێرنێتە لە چێوەی هونەرو ئەدەبیات و سەرەتای دەرکەوتی فەلسەفەدا دیاری بکەین ، لەو سەردەمەدا بنەماو تیۆریای فەلسەفی مۆدێرنێتە گەشەی دەکرد ، لەو سەردەمەدا ئەتوانین ناوی چەندین فەیلەسوف بهێنین کە بونیاد نەری ئەسڵی مۆدێرنێتە بون ، فەیلە سوفێکی وەك دیکارت کە زۆر بە چڕی باس لە گەشە کردنی مۆدێرنێتە دەکات ، یان فرانسیس بیکن لە کتێبەکەیدا ڕێگوزەری مەنتیقی ئەزمونگەراو هەستی گەرای زانستی بونیاد نا ، ئەو هاوکات لە کتێبی ئاتلانتیسی نوێدا سەبارەت بە دیدگای پێشکەوتنی مۆدێرن و شاری یوتوپیایی مۆدێرنێتەی کێشا یەکێکی تر لە فەیلە سوفە بەناو بانگەکانی مۆدێرنیتە مایکیا ڤیلییە کەلە کتێبی میر دا شێوەی یوتوپیایی فیکری سیاسی مۆدێرنێتەی وێنا کرد.

هاوکات یەکێکی تر لە و فەیلە سوفانە پیکۆلا میراندولا یە کە ماهیەتی گشتی مرۆڤ ناسی مۆدێرن و لە راستیشدا ماهیەتی گشتی لە هەمبەر مروڤ و سروشت و بە تەفسیری ئۆمانیستی سەبارەت بە مرۆڤ باسکردووە.

هاوکات یەکێکی تر لە و فەیلە سوفانەی سەردەمی سەرتای دەرکەوتنی مۆدێرنێتە و بەناو بانگترینی نێو فەیلە سۆفەکان تۆماس هۆبزە کە ئەو لە کێشانی بنەماکانی ڕەوش ناسی و ماهیەتی گشتی ئەبستمۆ لۆژی مۆدێرن دەستی باڵای هەیە .کەسایەتیەکی تر کە لە پێك هێنانی مۆدێرنێتەدا دەستی هەبوو بنەما ئاینی گەشە کردنی مۆدێرنی داڕشت و مۆدێرنیزمی ئاینی دروست کرد مارتین لۆسەری کەشیشی ئەڵمانی یە کە بینای جۆرێك لە تەفسیری مۆدێرنیستی لە ئاینی مەسیحی هەڵهێنجا ، جۆرێك تەفسیری مۆدێرنێتی سەبارەت بە ئاین و هەماهەنگ کردنی لەگەڵ سودی سەرمایەداری ئاینی پێشنیاز دەکات . بەستەری گەشە کردنی مۆدێرنێتە لە چەمکی ئاینیدا دەست نیشان دەکات ، بە مانای ئەوەی ئەگەر ڕێنیسانس کە هەنگاوی سەرتایی دەستپێکی مۆدێرنێتەی ڕێنیسانسێکی ئاینی یەو جەهەرێکی بەگشتی سکولاریستی هەیە ، بەڵام لە خۆئاواو ئەو روپای ئەوکاتە کۆمەڵگەی ئاینی هەبوو چین و گروپی ئاینی هەبوون وەك هێزێکی کۆمەڵایەتی .بۆ ئەوەی کە مۆدێرنێتە بتوانێت ئەوانە کۆنترۆڵ بکات پێویست بوو کە ڕێگایەکی ئاینی بە نفوز لە دەرونی فیکری ئاینیدا دەست بخات ، ئەوڕێگایەش مارتین لۆسەر بوو ، جگە لەو هیچ کەسی تر نەیتوانی ئەو ڕچەیە بشکێنێت .ژانکالۆنی سوسرایی کە لە دوای مارتن لۆسەر دێت ئەویش بە لقێکی گرنگی فیکری ئاینی پرۆتستان دەناسرێت ،کە ئەو لقە بەگشتی لەگڵ خواستەکانی فیکری مۆدێرنێتەدا هەماهەنگە.

کارێك کە مارتین لۆسەر کردی ئەوە بوو کە چاکسازی لە فیکری کڵێسایی دا کرد ، کە هاوکات بوو لەگەڵ ئاسۆی دەرکەوتی سەدەکانی ناوەڕاست بۆ فراوانکردنی تەفیسری مۆدێر نیستیانەی فیکری دینی.

ئەم تەفسیر کردنە پێویستی بە هەبوو کە ماناو دەلالەتەکانی فراوان بکات  تا بتوانێت بە گشتی لە شێوەیەکی ئاینی  دا خۆی دەربخات و بە گشتی لەگڵ پێك هاتەکانی مۆدێرنێتەدا یەکبگرێتەوە و جێی خواستەکانی مرۆڤ بێت ، بەردەوامی ئەو تەفسیر کردنەی مارتین لۆسەرپاشان  ژان کالون و ئەوانی ترپەرەیان پێدا و بوە بەشێك لە پێك هاتەی ئاینی بە ناوی پیوریتانیزم و شێوەیەك لە پرۆتستانیزم کە هاوتەریبە لە گەڵ خواستو بەرژەوەندیەکانی سیستەمی سەرمایەداریدا.

چەمکی سەرمایەو سەروەت جیاوازن لە یەکتری  ، سەرمایە چەمکێکی مۆدێرنە ، کە  لە مۆدێرنێتە دا دەرکەوت و تایبەت مەندیەتی خۆی هەیە کە ئەو لە سەروەت بە مانا سونەتی و کلاسیکیەکەی جیاووازتر دەکات . لە ڕاستیدا سەرمایە سالاری شێوەیەی ئابووری – کۆمەڵایەتی گەشە کردووی خۆر ئاوایە و لە سەردەمانی پێکهاتن و گەشە کردنی مۆدێرنە و هاوکات دەرکەوتنی ئاسۆی سەرتاپی فیکری سەردەمانی مۆدێرن سەرەتاپی ترین  دەرکەوتەکانی سەرمایەداری مۆدێرنیش سەر هەڵدەدات ، سەرمایە داران بەگشتی بەرهەمی مۆدێرنێتەن  ، نە ئەو کەسانەی کە لە کۆمەڵگە فیوداڵیەکانی سەدەکانی  ناوەڕاست کە خاوەنی سەرەوەت و سامان بوون.

## پەرپێدان و دەرکەوتنی مۆدێرنێتە:

دوای دەرکەوتنی مۆدێرنێتە لەو سەردەمەدا قۆناغێکی تری مۆدێرنێتە دەست پێدەکات کە بریتی یە لە پەرەپێدان و گەشە کردنی مۆدێرنێتە بە شێوەیەکی بەرچاو  ، لەم سەردەمەیاندا ڕوداوی بە بایەخ و گرنگ ڕودەدات ، وەك شۆڕشەمەزنەکانی  مۆدێرن بوون  لە دنییادا ، وەکو شۆڕشی ئەمریکا لە ساڵی 1776  شۆڕشی فەرەنسا لە ساڵی 1789 شۆڕشی ئینگلستان لە ساڵی 1649 وە هێزە گەورە سیاسیەکانی خۆرئاوا مۆدێرن بوون پەرەپێدەدەن  ، سەرمایەداریش دەبێتە بنچینەی ئابووری  ئەبستمۆلۆژیاو فەلسەفەی مۆدێرن  گەشە دەسێنێ ، بە جۆرێك کە لە چێوەی فیکری سیاسی  و باوەڕی کۆمەڵایەتی ، تیۆریاکانی کۆمەڵناسی سەرهەڵدەدەن  ، یەکەمین تیۆریای زانستی نوێ سەر هەڵ دەدات ، ئەم سەردەمە بەسەر دەمی گەشە کردنی فیکری مۆدێرنێتە ناوزەد دەکرێت.

پێکهاتی سیاسی دنیای مۆدێرن لەم سەردەمەدا ڕەنگ ڕێژ دەکرێت  ، سیستەمە کانی وەك  دەوڵەتە مۆدێرنەکان  پەیوەندی تایبەتی نێوان  هاوڵاتی و دەوڵەت  ، چەمکی هێزو دەرکەوتەی وەك بۆرۆکراسی  ، هەموو ئەوانە بەرهەمی سەردەمی نوێی پەرەسەندن و گەشە کردنی مۆدێرنێتەن.

لەم سەردەمەدا سەدەی ڕۆشنگەریش سەرهەڵدەدات  ، سەدەیەك کە فەیلە سوف و نوسەرانی بە تایبەت فەرانسەو تا ئەندازەیەك  ئەڵمان و ئینگلیستان دەر دەکەون  ، کە ئاسۆی فیکریان  زۆر لێکەوە نزیکەو لە ناوەندەجیاجیاکان کاریان دەکرد و بنەماکانی ماف و سیاسەت و کۆمەڵایەتی و ئابوری و پەروەردەیی دنیای مۆدێرنیان بەرنامە ڕێژی دەکرد . زۆرێك لەو چەمکانەی کە ئەمرۆ وەك  چەمکێکی ئاسایی بۆ ئێمە ماوەتەوە ، ئەو چەمکانەن کە لە سەردەمانی سەدەی ڕۆشنگەریدا سەریان هەڵداوە ، وەك چەمکی دیموکراسی  ، مافی مرۆڤ ، فیمینیزم  ، یان پەرە پێدانی زانستی نوێ ، زانست گەریی   ، پەرەدان بە نۆرمەکانی وەکو سیستەمی پەرلەماتاریزم  ، لە سەدەی ڕۆشنگەریدا ئومێدو گەش بینیەکی زۆر سەبارەت بە ئایندە هەبوو ، فەیلە سوفەکانی سەردەمی مۆدێرنە لە و باوەڕەدا بوون  کە  سۆنگەیەکی زۆر گەش لە هەمبەر مۆدێرنێتەوە بەدی دەکرێت ، لەو سەردەمانەدا هەندێك لە فەیلە سوفەکانی وەکو کانت و ولتەر و ڕۆسۆ و دنیس دیدرۆ و دروست دەبن  ، کە لە ڕاستیشدا پەیام هێنەرو ڕێبەرانی فیکری مۆدێرنەن ، سەرەتای دەکەوتی ژورنالیزم  ، و چاپەمەنیەکان لە شێوەیەکی نوێدا ، لەو سەردەمانەدا سەرهەڵدەدەن و کەسانێکی وەکو جان لاك  بنەماکانی سیاسەت و زانست و پەروەردەی مۆدێرن شرۆڤە دەکات.

## قەیرانی مۆدێرنێتە:

قۆناغی سێیەمی گەشە کردنی مۆدێرن  ، ( 1850 تا ئەمرۆکە ) نە قۆناغی پەرەگرتن و نە گەشە کردن و فراوان بونی مۆدێرنەیە ، بەڵکو قۆناغی مۆدێرنێتە ، قۆناغێکە کە گەشبینی و ئومێد و ئاسۆ گەشەکان لە ناو دەچێت و قۆناغێکە کە مۆدێرنێتە دوچاری هەڵوەشان و قەیران دەبێت ، بە هۆی ئەوەی کە زۆرێك لە بیرمەندەکانی مۆدێرن لە ڕاستیدا دژی مۆدێرن بوون هەڵسوکەوتیان دەکرد ، ئەو قۆناغە  سەردەمی قەیرانی مۆدێرنێتەو سەردەمی خۆدئاگایی قەیرانە و سەردەمێکە کە تیایدا گەشە کردنی مۆدێرنێتە بەرەو کاڵ بونەوە دەچێت  ، لە دوای ئەو قۆناغەوە ئەو فەیلە سوفانەی کە بەدیار دەکەون  ، وەکو ئارتۆ شوپنهاوەر ( 1860

) کیر کگور ( 1850 ) نیچە (1900 ) هایدگەر (1974 ) برگسۆن ( 1941 ) ئارگۆن وتوین بی و هتد... وەك پرۆژەیەکی ناتەاو نا کامڵ مەرگی مۆدێرنێتەیان ڕاگەیاند.

بنەماکانی فیکری خۆرئاوای مۆدێرن:

تایبەت مەندیەکانی خۆرئاوا بریتین لە ( ئومانیزم ، سوبژکتیڤیزم ، نەهلیزم ، سوکلاریزم و پەرەپێدانی ئەزموون ( ئەزمونگەری هەستی (

ئومانیزم:

بنەمای فیکری خۆرئاوای مۆدێرن ، ئومانیزم یان مرۆڤ تەوەری ، ( مرۆڤ تەوەری بە واتای ئەوەی کە مرۆڤ لە جیهاندا چەقی هەموو شتەکانە و لە هەموو شت زیاتر جێی بایەخە ) کە شێوەی جیاوازی نێوان سەردەمی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاستە پێشکەوتنی خۆرهەڵاتی لەگەڵ خۆرئاوایی مۆدێرنێتەیە.

ئۆمانیزم هەندێك جار بە هەڵە لە ڕوی زمانەوانیەوە وەرگێڕاوە ئۆمانیزم کە بە مرۆڤ سالاری یان مرۆڤ تەوەری ئاماژەی پێدراوە دەستەواژەیەکی دروست نیە لە بەرانبەر ئۆمانیزمدا ، لە ڕاستیدا نە لە زمانی فارسی و نە لە زمانی کوردیدا مرۆڤ تەوەری و مرۆڤ دۆستی و مرۆڤ سالاری مانای تەواوی ئۆمانیزم نابە خشێت ، ئەوەی کە لە بنەماو تەوەری هزرە لە خۆرئاوا مۆدێرنێتەیە ، ئۆمانیزم یان فەرهەنگی مرۆڤ تەوەر.

لە هزری ئەفسانەیی یوناندا ، خودا ، یان خوداکان ، تەوەری هزری خودا سالارین ،لەم جۆرە هزرەدا مرۆڤ و جیهان ، نزمترن لە تەوەری خودا ، بەو مانایەی ئەگەر سەرنج لە سەر مرۆڤ دابنرێت ئەوا دەبێت نزمتر لە پەیوەندی گرتن لەگەڵ خودا سەیر بکرێت واتە چەقی هەموو شتەکان لە هزری کۆندا خودایە ، بەڵام لە هزری نوێدا مرۆڤ تەوەری جێگیر دەکرێت سەرەتاو کۆتایی و هەموو بەهاکان دەبێتە مرۆڤ ، لە ڕاستیدا ، ئۆومانیزم هەمان سونەتی پراتۆگراس بەرجەستە دەکات ، پرۆتاگوراس بیرمەندی سۆفیستائی (460 ) کە هاوکات نزیکە لە سەردەمی سوقرات تیۆریایەکی هەیە کە دەڵێت : دەربڕینی ڕۆح هزری ئۆمانیستی یە ، لە دیدەگای ئەوەوە ( مرۆڤ پێوانەیە بۆ هەموو شتەکان ئەوەی کە بوونی هەیەو ئەوەی کە بونی نیە ) ئەم تیۆریایە جەوهەرو ماهیەتی چەمکی ئۆمانیزمە ،واتە مرۆڤ دەکاتە تەوەر یان چەقی هەموو شتەکان لە بوندا ، کە ئەم بونەوەرە هەم دەبێتە تەوەرو هەم ڕەسەنایەتی هەیە ، هە تا ئەگەر شرۆڤکەش لە سەر خودا یان جیهان بێت ، نزمی مرۆڤ و ڕەسەنایەتی مرۆڤ ئەبێت شرۆڤە بکرێت ،سەرنج دانان لە سەر مرۆڤ یان لە بەرچاوگرتنی خواستەکانی مرۆڤ یان هەوڵدان بە مەبەستی گەشە پێدانی و هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی لە هەمبەر مرۆڤ ئۆمانیزم نیە ، ئۆومانیزم بە واتای ئەوەی کە پێناسەی مرۆڤ وەك مرۆڤ دەکات ، لەم پێناسیەی ئۆمانیزم بۆ مرۆڤ ، بریتی یە لە پێوانەو هاوسەنگی بەهاکان و وێنا کردنی دۆخەکەی.

ئۆمانیزم ڕەسەنایەتیەك دەبەخشێتە مرۆڤ کە جێگای ڕاستە قینەی ئەو لە بونیدا نیە ، چونکە مرۆڤ دواجار بونەوەرێکە . بەواتای ئەوەی کە مرۆڤ بونەوەرێکی ڕەهای بوون نیە ،بونەوەرێکیش نیە کە خولقێنەری هەموو شتەکان بوبیت ، یان دانەری سیستەم و یاسای بون نیە ، لە هزری ئۆمانیستیدا ، مرۆڤ یاسیا دانەرە و وەك خودای بوون فەرز دەکرێت ، و ئەو خودای ڕاستە قینەی بوون دەبێت و خاوەنی خولقاندن دەبێت و شێوەی خودابوونی لە خودا وە گرتوە . خوداوەندی یاسادانەرو جێبەجێکارە.

لە ئۆمانیزمدا مرۆڤ نە لە تواناو هێزی خودا و سروشتی ئاینی دا بە ڵکو لە هەناوی خواستە ڕۆحیەکانیدا پێناسە دەکرێت ، و بەگشتی لەگەڵ غەریزەو هەوەسی شەهوانی و لە لوتکەی چێژو هێز خوازی و سەروەت خوازیدا پێناسە دەکرێت.

مرۆڤ لە و خەسلە ت و تایبەت مەنیانەیدا ڕەسەنایەتی بەدەست دێنێت ، و وەکو تەوەری بوون بەرجەستە دەبێت .لەم ڕووەوە ئومانیزم پێویستی بە سۆبژەکتڤیزم هەیە ، بەواتای ئەوەی کە بونی مرۆڤ وەکو بابەتێکی ڕەسەنایەتی بەرجەستە دەکات ، مانای چەمکی سۆبژەکتیڤیزم یانی ڕەسەنایەتی سوبژە و، سوبژە هەمان ئەو مرۆڤەیە کە لە پیناسەی ئۆمانیستیدا دەردەکەوێت ، واتە مرۆڤ لە پێناسەی ئۆمانیستیدا بریتی لە سوبژەیەك.

سوبژە مانای چیە ؟ کاتێك کە من سوبژە دەبم  واتە ناوەندی بون و تەوەرو هاوسەنگی و هەموو شتێك لە بەرانبەر شتەکانی تردا .ڕەوش و زەمینەکان و بونەوەرکان ، دەبمە تەوەری سەرەکی و ڕەسەنایەتی بەدەست دێنم ،

سکولاریزم :

سوکلاریزم لەو چەمکانەیە کە  لە سالانی دووایی  لە ئەدەبیاتی سیاسی  و چاپە مەنیەکانی بەشێکی ولاتاندا بە کار هێنراوە ، لە بارەی سکولاریزمەوە وەکو چەمکەکانی نەهلیسزم و ئومانیزم  پیناسەیەکی سادەی بۆکراوە لە کاتێکدا کە پێویستە زۆر بە قوڵی پێناسەی ئەم چەمکە بکرێت.

سوکولاریزم  بە گشتی بریتی یە لە جیا کردنەوەی ئایین لە سیاسەت  ، لە گەڵ ئەوەشدا ئەم پێناسەیە پەیام و مانای هەمە لایەنەی چەمکی سکولاریزم نیە  ، سکولاریزم بە مانای جیایی لە ئاین و پیرۆز کراوەکان  ، بە واتای ئەوەی کە شتیك لە کۆمەڵگە دا وەك پیرۆز سەیرنەکرێت . لە گەڵ دیاردەیەك ڕوبەڕوین کە ئەویش چەمکی سکولاریزمە ، ئەم دەرکەوتەیە لە ڕەوتی مێژوویی خۆیدا بەها پەیدا دەکات و لە ڕاستیش دا دەرکەوتەیەکە کە دەتوانێت ببیتە سکولاریزەیشن .

مەبەست لە پابەند نەبون بە ئایینەوە یانی چی  ؟  لە شارستانیەتە سونەتیەکانی پێش بە مۆدێرن بووندا ، چی شارستانیەتی سەدەکانی ناوەڕاست و چی شارستانیەتەکانی ئاینی و ئەفسانەیی هەتا شارستانیەتێکی وەکو ڕۆمی کۆن و یونان   ، بە دۆخێکی پیرۆز کراوی غەیبی و ڕۆحی باوەڕداربوون  ، یانی هەمیشە  لە و باوەڕەدا بوون هەر دەرکەوتەیەك ( دیاردەیەك ) سیمایەکی ڕۆحی و غەیبی و پیرۆزی هەیە.

لە شارستانیەتی مۆدێرنەدا هەموو دیاردەکان  لە شارستانیەتە کلاسیك و بە تایبەتیش شارستانیەتە کانی سەدەکانی ناوەڕاست و شارستانیەتەکانی خۆرهەلات کە سیمایەکی غەیبیان هەبوو  بە ڕۆحی پیرۆزکراو باوەڕداربوون  لە سەردەمی مۆدێرن بوندا بە هاو پیرۆزیان لە دەستدا و دەرکەوتە ئایینیەکان گۆڕان بە سکۆلاریزم و ناوندی قورسایی و ڕۆحی ناوەندیتیان لە دەەست دا ، گۆڕان بە شێوەیەکی مۆدێرن . کە دواجار ناو نرا بە سکولاریزم  ، بە واتایەکی تر سکولاریزم بریتی یە  لە  کۆمەڵگەیەکی بێ ئایین  ، یان کۆمەڵگەیەکی پیرۆزیە کان و ئاینی وەلا ناوە و کار لە سەر دنیایی بون دەکات نەك ڕۆژی دووایی.

سکولاریزم تایبەتمەندیەکی جەوهەری شارستانیەتی مۆدێرنێتەیە ، خۆرئاوای مۆدێرن لە ماهیەتیدا ئەم بابەتەی شاردووەتەوە بەو پێیەی کە سەبارەت بە مرۆڤ و جیهان و خودا لە راستیدا ڕەسەنایەتی لە خوداوە وەردەگرێت و دەی داتە مرۆڤ و مرۆڤیش بە جۆرێکی نا ڕوحانی ناو زەد دەکات  .  ئەمە بابەتێکی حاشا هەڵ نەگرە . لە ڕاستیدا ناتوانرێ سکولاریززم  لە هزری مۆدێرن جودا بکرێتەوە هەوەها سکولاریزم هەماهەنگەلەگەڵ مۆدێرنبوندا ،  یەکەمین جار ئەم چەمکە لە ساڵی 1648 پاش جەنگە نێو خۆیەکانی ئەڵمان  ( جەنگی  30 ساڵە ) لە پەیمانی ئاشتی دا بە کار هێنراو دواتریش هاتە ناو ئەدەبیاتی سیاسی شارستانیەتی مۆدێرنەوە.

لە یونانی کۆندا تروسکە یان ئاسۆیەکی سکولاریزم دەبینرا  ، بەو پێیەی کە لە یونانی کۆندا ، عەقڵی کاسمۆسانتریك ڕەسەنایەتی هەبوو مەزهەب ئەو ڕەسەنایەتیەی وەك عەقڵ نەبوو   ، چونکە عەقڵی کاسمۆسانتریك ڕەسەنایەتیەکی هەبوو  ئەمەش کاریگەری لە سەر لاوازی ڕۆحی ئاینی هەبوو . لە یونانی کۆندا خوداکان بونیان هەبوو ، بەڵام ئەو خودایانە هاوشێوە یان شێوەی مرۆڤیان هەبوو ، لە ڕاستیدا لە نێوان  مرۆڤ و خوداکاندا خولقینەرو خولقینراو بوونی نیە ، بەڵکو وەك دوو چاو دێر بە سەر یەکەوە هەندێکاتیش مرۆڤ لە خوداکان پیرۆز تر بوون و چاو دێری کارەکانی خودایان کردووە . بەم پێیە ئەتوانین بڵێین سەرەتای دەرکەوتەی سکولاریزم لە یونانی کۆندا هەبووە . بۆ نموو نە لە تیۆریاکانی سۆفیستائیەکاندا ، یان تیۆریاکانی پرۆتاگوراس و گۆرگیاس  ، ئەمانە پێناسەی جۆرێك لە یاسادەکەن  ، دەڵێن یاسا جۆرێکە کە سەرلە بەریان قبوڵە ئەم پێناسەیە بەراورد بکەین بە پێناسەکانی کە لە خۆرهەلات کە یاسا وەك دۆخێکی پیرۆز و وەك پەیامێکی ئاسمانی و سەرچاوە گرتو لە ئاینەکانەوە بەرچاو دەکەوێت ، بەڵام لە ماهیەتدا دوو پێناسەی دژ بە یەك  ، چوونکە یەکیان ناوەڕۆکێکی ئایینی هەیە و ئەوی ناوەڕۆکێکی دنیایی ، لەم ڕەوەوە یە کە دەتوانین بڵێن یونانی کۆن سکولاریست بوەو پایەکانی سکولاریستی تێدابووە ، بەڵام ئەم پرۆسەیە هەموو پیرۆزکراوەکان لە سەرتاسەری یونانی کۆندا ناگرێتەوە کە لە دنیای خۆرئاوای مۆدێرندا بە دیار کەوتوە.

له سروشدا نهێنی و ئالۆزی و سمبولیزم دەبینرێت ، وە تەوتەم و ڕۆحی پیرۆز کراو دەبینرێت ، وەکو کاسمۆس کە لە یونانی کۆندا پیرۆزکرابوو ، تیۆریاکانی فیزیکی و ئەستیرەناسی کۆپرنیك و کپلیر و سیستەمی فیزیکی نیوتن ئەوەیان ئاشکرا کرد کە پیرۆز کردن کاری ئایننەکانە ئەوانە هەنگاوی سەرەتای دەرکەوتنی سکولاریزم بون.

ڕەسەنایەتی بەخشین بە عەقلانیەتی ئامراز : ( بە عەقلانی کردنی ئامێر )

تایبەت مەندیەکی تری خۆرئاوای مۆدێرن ، ڕەسەنایەتی بەخشینە بە عەلانیەتی ئامێر ، کاتێك پەیوەندی مرۆڤ لە گەڵ بوون بە ئامراز کرا ، واتای پەیوەندی بونەوەرێك بە ناوی مرۆڤ کە بریتی یە لە کۆمەڵێك پێك هاتەی وەك ئارەزوو خواستی دەرونی هێز خوازانە ، ئەم بونەوەرە لە پەیوەندیەکی سوبژەکتیڤیدا دەبێتە ئامرازی بوون . ئاساییە لەم پەیوەندیەدا جگە لە هەوڵی داگیر کردن شتێکی تر نەبێت . لەم حاڵەتەدا عەقڵی مرۆڤ کە بزوێنەری خواست و ئارەزووەکانیەتی شێوەیەکی ئامرازی لە خۆ بگرێت ، بەمانای ئەوەی ئامرازبوونی بۆ دەسەڵات و سود و بە جێگەیاندنی خواستەکانی ، ئەم تایبەت مەندیەی عەقڵانەیەتی مۆدێرن بە عەقڵانیەتی ئامرازی ناوزەدکراوە . دیکارت ( 1650 ) داهێنەری عەقڵانیەتی ئامرازیە.

تەفسیرێك کە دیکارت سەبارەت بە چەمکی عەقًل دەی کات ، لە سەر بنەمای چەمکی کەمی و ئامرازی عەقڵ لە یونانی کۆن بە لێکدانەوەی ئوس ( ئۆس بە مانای کۆمەڵگەی بەخشین ) دەناسرێت ، هەڵبەت جۆری تر لە هاوسەنگی هەبووە بەڵام بە لێکدانەوەی ئەرستۆ بەخشین ( ئوس ) ە خۆرئاوا لە سەردەمانێ کە هزری دیکارتی سەرهەڵدەدات ، چ لە سەردەمی ئیمپراۆری ڕۆم و چ لە پاش ئەو سەردەمە خۆرئاوای مەسیحی ، کۆمەڵگەی عەقڵانی ( ڕاسیۆن ) ( ڕاسیۆن بە مانای کۆمەڵگەی عەقڵانی ) دەبێتە جێگرەوەی ئوس کۆمەڵگەی بەخشینە.

لە تایبەت مەندیەکانی عەقڵ ئامرازی ، دەەست باڵاییەتی بە سەر هەموو دیاردەو بونەوەراندا و وەك کەرەستە یان سەیریان دەکات کاتێك کە عەقڵ لەو تەوەرەدا جێگیر دەبێت ، و قەرارە کۆمەڵگەیەك بەڕێوە ببات ، کۆمەڵگەیەکی تەواو ئامێری دروست دەکات ، کۆمەڵناسانی وەکو مارکس و ، وبر کە لەو کۆمەڵناسە هاوچەرخانەن کاریگەریان هەبووە ، لەو باوەڕەدان عەقڵانیەتێك کە بە دیکارت دەست پێدەکات و لە سەدەی ڕۆشنگەریدا ڕەسەنایەتی بەدەست دێنێت ، بە هۆی شکۆی ئامراز بونیەوەیە . مەبەستی ئەبستمۆلۆژی نەبووەو تەنیا مەبستی دەستباڵایی بوە ، لە ڕاستیدا نەیی ویستوە زانیاری مرۆڤ زیاتر بکات ، بەڵکو ویستویەتی دەسەڵاتی مرۆڤ لە سەر سروشت و بارودۆخی جەوهەری کامڵ بکات . ئەم عەقڵە بە هۆی تایبەتمەندیەتیەوە لە پرۆسەی گۆڕاندا ، لە دژی خۆی دەگۆڕرێت ، لە بەر ئەوەی کە ئەگەر عەقڵانیەت بکرێتە ئامرازو کەرەستە ڕەنگە لە دوایدا لە دژی مرۆڤ خۆی بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەم کەرستانە بەکار بهێنرێتەوە ( مەبەست خراپ بە کار هێنانی تەکنۆلۆژیایە ) لە بەر ئەوە مرۆڤ پێویستی بە ئاشتی و عیشق و خۆشەویستیە و ئەگەر وەك خۆی بە کار نەهێنرێت ئەوا زیانی زیاتر دەبێت بۆ مرۆڤایەتی.

مارکس و وبر پێیان وایە کە گەشەی دژە عەقڵ هزری وێرانکاری لە خۆرئاوای مۆدێرن فاکتەرەکەی عەقڵ ئامرازیە .

بۆچی لە خۆرئاوای شاۆستانیدا کە داهێنەری دروشمەکانی ئازادی و مافی مرۆڤە ، فاشیزمی ئەڵمانی و بەربەریەت و ئەم هەموو جۆرە کۆنە پەرستیە سەرهەڵدەدەن . لە وەڵاِمدا ئەبێ بوترێت ئەوە دەەرئەنجامی عەقڵ ئامرازیە ، کە دژی خۆی بوەتەوەو لە چێوەی عەقڵگەریدا بەدیار کەوتوە ، فاشیزم جگە لە دژە عەقڵ هیچ شتێکی تر نیە

لە سەردەمی نوێدا ، فرانسیس بیکن کە یەکێکە لە بونیاد نەرانی زانستی نوێ وبیرمەندێکی مۆدێرنەیە ، دەڵێت : ئامانجی زانست ، زیادکردنی هێزی مرۆییە ، بە واتای ئامانجی زانست بە زیادکردنی جەوهەرو مەعنەویەتی مرۆڤ نازانێت و بە زیاد کردنی هێزی مرۆڤی دەزانێت,

باوەڕ بە بنچینەی پێشکەوتن:

تایبەت مەندیەتی یەکی تری خۆرئاوای مۆدێرن بریتی یە لە باوەربوون بە بنچینەی پێشکەوتن.

زۆرینەی شارستانیەتەکان و هزری مرۆیی ئامانجی مرۆڤ بە ڕزگاری دەروونی دەزانن ، باوەڕداربون بەوەی کە مرۆڤ دەگاتە ئامانج و کۆتایی ، ئەوەش ڕزگار بوونی دەروونی بوو ، شارستانیەتێکی وەك یونانی کۆن کە شێوەی ئایینیشی لە خۆ نەگرتبوو

باوەریشی بە چەمکی ڕزگاری دەروونی نەبوو ، بەڵام باسی لە کامڵ بوونی عەقڵ دەکرد . هیچ شارستانیەتێك تا پێش مۆدێرنێتە بوونی نەبووە کە بە سەروەت و سامان و چێژو وەرگرتن ڕەسەنایەتی ببەخشێت . هەموو شارستانیەتەکان یان پێداگری لە کامڵ بوونی عەقڵ یان کردووە یان یان ڕزگاری دەروونی ( ڕزگاری دەرونی بە مانای زیندوو بونەوەی ڕۆژی دوایی ).

بەڵام لە خۆرئاوای مۆدێرندا چونکە مرۆڤ ڕەسەنایەتی بەدەست دێنێت . کە بریتی یە لە ئارەزوو خواست و قازانج و چێژ . ئەم تایبەت مەندیانە لە چێوەی چەمکێکدا بە ناوی ڕەفاهیەت ، یان پێشکەوتن بە دیار دەکەوێت ، خۆرئاوا .. ئاوا تەفسیری بۆ دەکات کە هەر شارستانیەتێك ساماندارە پێشکەوتوترە ، پەیکەرەی ئەم پێشکەوتنە ڕەفاهیەت ، هێز ، چێژو سەروەت لە مۆدێرنێتەدا.

لە سۆنگەی خۆرئاواوە کۆمەڵگەی پێشکەوتو ئەو کۆمەڵگەیەیە کە تەکنیکی باڵاتری هەیە.

دورانت دەڵێت گومانی تێدا نیە کە لە ڕوی تەکنۆلۆژیەوە پێشکەوتنی بەرچاومان کردووە ، بەڵام ئایا لە مرۆڤ بونیشماندا ئەو پێشکەوتنەمان کردووە . خۆی وەڵام دەداتەوە دەڵێت : لە بنچینەدا قەرار نەبوو شتێك بۆ ئێمە بەدیاری بهێنێت ، چوونکە تەکنیك تەنیا دەیویست دەسەڵاتی ئێمە لە سەر سروشت بسەپێنێت ، قەرار نەبوو نۆرمی بون و ئەخلاق و کامڵ بوون بۆ ئێمە دەستە بەر بکات . لێرەدایە کە میشل فۆکۆ بیرمەندی هاوچەرخی مۆدێرنی فەرانسەیی بە شێوەیەکی جدی ئەم بابەتە شرۆڤە دەکات هەڵە دەکەین گەر بڵێین تەکنیکی ترین لە ڕابووردوەکانمان و لەوانیش خۆش بەخترین . ئەگەر ئەوە وێنا بکەین کە مرۆڤ سروشتی بە جۆریکە کە حەزی لە ژیانی ئاسایی یە نەك لە ژیانێکی ئاڵۆز هاوکات ژیانی سادەو ساکاری پێشینەکانمان خۆشتر بووە لە ئێستای ئێمە . یەکێك لە ئابووری ناسان دەڵێت : دەڵێین تەلنۆلۆژی ئێمەی لە تاریکی ڕزگار کردوو ئێستا کاتی زیاترمان هەیە . کۆمەڵگەیەکمان دروستکردوە کرێکارێك لە ڕۆژێکدا 8 کاتژمێر کاردەکات و ناتوانێت لە هەفتەیەکدا بە باشی ڕۆژێکی ژیانی باش بێت ، لە ڕاستیدا کۆمەڵگەیەکی ئاسودەمان بونیاد نەناوە بەڵو کۆمەڵگەیەکی ئالۆزمان دروست کردووە .

بەشێك لە سەرچاوەو پەراویزەکان

برخی از منابع


1.Lawrence cahoone,from Modernism to Postmodernism,Blackwell,1996,p.

.[2]بابک احمدی، مدرنیته و اندیشه انتقادی، تهران:نشر مرکز، 1385،ص 8.

.[3]برای ئشنایی با این تعاریف رک : حسینعلی نوژری، مدرنیته و مدرنیسم، تهران: نشر نقش جهان، 1378.

.[4]بابک احمدی، معمای مدرنیته، تهران:نشر مرکز،1387، ص3.

.[5]همان، ص 8-9.

.[6]همان.

.[7]همان.

[8]. Ralph Mcinerny,Modernism & Reigion,University of Norte dame1994,p ix.

.[9]ساجدی، ابوالفچل و مشکی، مهدی، دین در نگاهی نوین، قم، موسسه ئموزشی و پژوهشی امام خمینی، 1387، صص 181-182.

.[10]همان، ص 188.

.[11]خسروپناه، عبدالحسین، کلام جدید، قم، مرکز مگالعات و پژوهش¬های حوزه علمیه قم، 1379، صص 64-65.

.[12]همان، ص 186.

.[13]همان، ص 187.

[14]. همان.

[15]. همان.

[16]. رک: صانع پور، مریم، خدا و دین در رویکردی اومانیستی، تهران، موسسه فرهنگ و اندیشه معاصر، 1381.

.[17]برای مگالعه بیشتر در فلسفه اخلاق مدرن رک: احمدی، بابک، معمای مدرنیته، صص 138-146.

.[18]ساجدی، ابوالفچل و مشکی، مهدی، دین در نگاهی نوین، ص 188-189.

[19]. همان، ص 189.

.[20]نوژری، حسینعلی، صورت بندی مدرنیته و پست مدرنیته، تهران، نشر نقش جهان، 1385، ص 10-14.

[21]. همان، صص 27-29.

.[22]همان، صص 49-63.

.[23]همان، ص 66.

[24]. همان، ص 71.

[25]. همان، صص 77-79.

[26]. رک: مقالات مربوگ به هر یک از این عناوین در همین مجموعه.

[27]. احمدی، بابک، مدرنیته و اندیشه انتقادی، ص 43.

[28]. همان، صص 33-40.

» .1درئمدی بر مکاتب » مفاهیم نوین، عبدالرسول بیات با همکاری جمعی از نویسندگان ( در دست چاپ) .

» .2مدرنیته و مدرنیسم »، حسینعلی نوژری، انتشارات نقش جهان .

» .3صورتبندی مدرنیته و پست مدرنیته »، حسینعلی نوژری، انتشارات نقش جهان .

» .4پست مدرنیته و پست مدرنیسم »، حسینعلی نوژری، انتشارات نقش جهان .

» .5پیامدهای مدرنیته »، ئنتونی گیدنز، ترجمه محسن پلاپی .

» .6لیبرالیسم و محافقه کاری »، حسین بشیریه، نشر نی .

.7مجله نقد و نقر شماره های 9 الی 19 .

.8فرهنگ واژه توصیفی، بیات، عبدالرسول. برای اگلاع بیشتر به مقاله «مدرنیته و مدرنیسم » از کتاب فرهنگ واژه توصیفی اپر مؤلف مراجعه فرمائید.